تەداماني ناسيۆناليزمى كوردى لە ئايندا.. موحسين عيسا

دواى هەوشانەوەى ئيمپراتورەكان و كۆتايى هاتنى كۆلۆنياليزم، نەتەوە ژێردەستەكان بوون بەخاوەن دەوڵەتى خۆيان. زۆرێك لەو نەتەوانەش بە سەربەخۆى سوودیان لە ئاين بينى، واتە ئاينيان خستە خزمەت نەتەوەو. ئەگەر ئاوەك لە مێژووى ئاين بدەينەوە، ئەوا دەبينين كە مێژوويەكى زۆر كۆنى هەيە، وەك بەشكى دانەبراو لە مێژووى مرۆڤايەتيدا خۆى دەبينێتەوە. ئەگەر بەت پيناسەى ئاينيش بكەين، ئەوە وشەى ئاين لە ئينگليزيدا لە بەرامبەردا وشەى Religion بەكاردەت و لە چەند هوانگەيەكى جياوازيشدا پێناسە بە ئاين كراوە، يەكێك لەو هوانگانە كە چوارچيوەى ئەم باسە لە خۆى دەگرێت هوانگەى كەمەناسييە. لەو چوارچوەيشدا كەمەناسى ئينگليزى ئەنتەنى گيدنز لەبارەى ئاينەوە دەڵێت: "ئاين بريتيە لە كەمەكێك لەمز، كە داواى هەستى رزگرتن و ترس دەكەن و پەيوەنديان بە چەند ريتوال و رۆورسمەوە هەيە، كە لايەن كەمەلى دينداران‌ەوە ئەنجامدەدريت". ئەمەش ئەوە دەردەخات كە ئاين وەك لايەنكى روحى و ئەخلاقى لاى مرۆڤكانەوە قبووە كراوە و بووتە بەشكى لە رێكخستنى ژيانى رۆژانەيان. لە پاڵ ئەمەشدا بە تێپەڕ بوونى قۆناغكاى ژيانى مرۆڤ ئاينيش گەڵانى بەسەردا هاتووە و چوارچوەيكى سياسى وەرگرتووە، ئەمەش وايكرد ئاين خۆى لەناو سياسەت ببينێتەوە و ببێتە بەشكى گرنگ لە كايە سياسيكاندا.

ئاين وەكو يەكلاكەرەوەى هەبووە لە زۆرێك لە نەتەوەكان بە رزگاربوون لە ژێردەستيدا. واتە نەتەوە داگيركراوەكان توانيويانە ئاين بخەنە خزمەت ناسيۆناليزمەوە. ئەگەر بەت و باس لە سەرهەڵدانى مێژووى ناسيۆناليزم بكەين، ئەوا پيويستە ئاوەك لە شۆرشى پيشەسازى بدەينەوە، كە لە ناوەراستى سەتەى هەژدەهەم لە ئەوروپادا سەرى هەڵدا، چونكە لە ئەنجامى سەرهەڵدانى شۆرشى پيشەسازى لايەنى بەرهەمهێنان و كۆمەڵگە بووني سەرمايە گۆڕاسەندنيكى بەرچاوى بەخۆيەوە بينى، ئەمەش بووە هۆى ئەوەى وەاتە ئەوروپييەكان بير لە بازارێك بكەنەوە بە ئەوەى بەرهەمەكانيان تێدا ساغبكەنەوە، هەربۆيەش وەاتە ئەوروپييەكان هەستان بە داگركردنى وەاتان و كردنيان بە بازارێك بۆ بەرهەمەكانيان. هەروەها شۆرشى پيشەسازى بووە هۆى ئەوەى كەمەگەى ئەوروپى هووبەووى گۆڕانكارييەكى گەورە

ببەتەوە و چینێکی نووێ لە کۆمەڵگەدا سەر هەڵبدات، ئەم چینەش چینی بۆرژوازی بووە. هەڵبەتە ئەم چینە ئامانجی دەستگرتن بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی دەستەلات بوو لەژێر دەستی کڵێسا و پاشادا. بە ئەوەی ئەم چینە بەهێزبێت و دەستەڵات بەدەست بهێنێت ئەوە پێویستی بە دروستکردنی دەوڵەتێک هەبوو. ئەمەش بەو مانایەدێت کە شۆرشی پیشەسازی دژگە بەووی ناسیۆنالیزمدا دەکاتەوە، کە ئامانج لێی دروستکردنی دەوڵەتە. هەروەک جۆرج حەنان لەم بارەیەوە دەڵێت: "شۆرشی پیشەسازی بووە هۆی ئەوەی کە پێکهاتەی دابەشبوو و ئاینییەکان بتوێنەوە و پێکهاتەی نەتەوەی جێگای بگرێتەوە". کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین چینی بورژواز چەندێک بووە هەوێیداوە کۆمەڵگە لە قەناغی خێڵەکییەوە بە قەناغی مۆدێرن بگوازێتەوە.

لە لایەکی تریشەوە هەوڵەکانی لەک، مۆنتسکیو و ڕوسۆ لە دارشتنی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا، کە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا ئەویان باسکردبوو کە دەبێت لەنێوان گەل و دەوڵەتدا هەڵکەوتنێک هەبێت و مافی تاکی تێدا پارێزراوبێت، کە خواستەکی چینی بورژوازی بوو، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆرشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ دا، ئەم شۆرشەش هەڵگری گوتاری گواستنەوەی دەستەڵات لە تاکەوە بە دەوڵەت بوو. هەروەها چەمکی نەتەوە وەک ئایدەلۆژیا لە شۆرشی فەرەنسی دەرکەوت، کە بانگەشەی دامەزراندنی نەتەوەی نووێی دەکرد. لێرەشدا دەتوانین بڵێین کە مەژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ١٨ و دواتریش بۆشیۆیەکی بەرفراوان لە جیهاندا بۆ بووەوە و شێوەی ئایدەلۆژیای جیاوازی لێخەگرت، دواتریش لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ دا بۆ هەموو ئەوروپادا بۆ بوویەوە. هەروەها بەهۆی کاریگەری ناسیۆنالیزم بەسەر نەتەوە ژێردەستەکان و دروستکردنی گوشار بەسەر ئیمپراتوریەتی نەمسای، هەنگاری، روسیا، عوسمانی و...تاد، ئەوا ناچار بوون دان بە سەربەخۆی هەندێک نەتەوە ژێردەستەکانیان دابنێن.

هەروا گرنگە بزانین وشەی ناسیۆنالیزم لە وشەی Nationalism ی ئینگلیزی، یان Nationaliteی فەرەنسیە، کە لە وشەی Nation وەرگیراوە. ئەم وشەیش بۆ مانای گروپێکیی نەژادی دەگەینێت کە لە هەرەمێکی دیاریکراودا لە دایکبوون و سەر بە یەک هەرێمن. لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بڵێت و پێناسەی ناسیۆنالیزم بکەین، ئەوا لە "فەرهەنگی ئۆکسفەرد"ی ئینگلیزیدا هاتووە " ناسیۆنالیزم ویست و ئارەزووی گروپێکی مرۆیە کە هاوبەشە لە ڕەگەز، کولتوور، زمان

وەتاد، بە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ". ئامانجیش بۆ واتایەکی دیاریکراوی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بونیات بنێین، ئەوا پێویستی بە دروستکردنی یەکێتییەکی لەسەر ویستی هاوبەشی کۆمەڵێک خەڵک، کە لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراودا دەژین و خاوەنی چەند بنەمایەکی هاوبەشن.

ئەوەی لێم نووسیندا گرنگە بیخەمە بەرباس، ئەوەی ئاینێ لە بەروپێشبردنی ناسیۆنالیزمدا. هەبەتێ پێیوندی ئاین و ناسیۆنالیزم پێیوندیەکی مێژووییە، لە مێژووشدا ژمارەیەکی زۆری نەتەوە هەن توانیویانە پرسی نەتەوەی خۆیان لە ڕێگەی ئاینەوە بەرەو پێشەوە بەرن، واتە ئاینیان بە پاراستنی ناسنامەی خۆیان بکارهێناوە و کردووتیانە هێزێک بۆ جودا خوازی و بونیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان، وەک ئەوەی لە وڵاتی هنددا ڕووبدا، کاتێک هند لە کۆلۆنیالیزمی بەریتانیی ڕزگاری بوو ئەوا پاکستان بەشێک بوو لە خاکەکەی، بەڵام دواتر بەهۆی جیاوزی ئاینیەوە لەی جودا بووەوە و بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەهەمان شێوەش وڵاتی سودان بەهۆی ئاینەوە دابەش بوو، ئەم دابەش بوونەش بووە هۆی ئەوەی باشووری سودان لە باکووری سودان جیا ببێتەوە. لە پاڵ ئەمشدا زۆرێک لە نەتەوەکان لە ڕێگەی دروستکردنی مەزهەبێکی جیاواز لە نەو ئاینەکدا بوون بە خاوەن دەوڵەتی خۆیا، بە نموونە: سەفەویەکان بەهۆی دروستکردنی مەزهەبێکی تایبەت بەخۆیان لە نەو ئاینی ئیسڵامدا توانیان خۆیان لە هاوئاینەکانیان جودا بکەنەوە، ئەمیش بە دروستکردنی مەزهەبی شیعەبوو، بەهۆی ئەم ڕووتە ئاینییەی کە تایبەت بەخۆیان بوو توانیان یەکێتییەکی نەتەوەی دروست بکەن و ببن بەخاوەن دەوڵەتی خۆیان. واتە توانیان ئاین لە فۆرمی ناسیونالیزمدا وێنا بکەن.

لە دوای ئەوەی دەوڵەتی مەرکەزی ئێران دامەزرا لە سەردەمی مەشروتیەکاندا، ئەوا مەزهەبی شیعە لە قانوونی ئەساسی ئەم وڵاتدا کرا بە بنەمای سەرەکی نەتەوەی ئێران، تاکوو ئەستێش مەزهەبی شیعە بنەمای سەرەکی نەتەوەی ئێرانە. لە لایەکی تریشەوە ئێرانییەکان ویستیان بەهۆی ئەم مەزهەبەوە سنزی کۆمایەتیەکانی تری موسڵمانی وەک: تورکەکانی ئازربایجان، کورد و عەرەب، بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

لێرەدا دەتوانین بڵێین جگە لەوەی ئاین لە خزمەت نەتەوە بکار هاتووە، لە هەمان کاتیشدا بووتە چەکێکیش بۆ نەتەوەی سەردەست، کە نەتەوە ژێردەستەکان لە نەو خۆیدا بتوێنەتەوە، ئەمیش بەهۆی دروشمی بریقەداری بڕایەتی ئاینییەوە، هەروەک ئەوەی عوسمانی و سەفەویەکان لە ژێر ناوی بڕایەتی ئاینەوە هەوڵیانداوە سنزی کورد بڕەی

خێاندا رابکێشن و لێ نەو خێاندا بیتونەوە. سەرای ئەمش نەتەوە داگیرکەرکانی کورد، هەر لێ ژێر ناوی ئاینیەوە شەرعیەتیان بەخەداوە بە قەناچکردنی کورد، وەک ئەوەی عەراقی فاشێ لەسەردەمی بەعسدا بە پشت بەستن بە دەقی ئاینی کوردی ئێنفاڵ کرد.

یەکێک لەو بەربەستانەی بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا هەبووە، بەربەستی ئاینی بووە، چونکە هەمیشە بەهەی ئاینەوە داگیرکەران کوردیان وابەستەی خێیان کردووە، بە ئەوەی کوردیش توانی بڵتی وەک گەلانی تری جیهان ئاین بخەتە خزمەت نەتەوەکێیەوە. هەرچەندە زەربەی شەرشە کوردیێکان لە هایەن پیاوانی ئاینیەوە سەرکردایەتی کراون، بەڵام نێیانتوانیوە ئاین بخەنە خزمەت نەتەوەکێیانەوە. واتە شەرشکێیان هەڵگری گوتارێکی ئاینی و ناوچێیی بووە، نەک گوتارێکی نەتەوەی، ئەمش بەهەکاری ئەوەی ئەم شەرشانە زیاتر لە ژێر کاریگەری ئاین و خەدا بوونە. راستە کەمەگەی کوردی کەمەگەێکی چاق بەستووە و نێیتوانیوە گەشە بکات لە ڕووی کەمەایەتیەوە، کە بتوانێت لە قەناغی خەڵکی دەربازی ببێت، هەربۆیەش یەکگرتنی کەمەگەێکی خەڵکی شتێکی ئەستەمە بە هەی ئەو جیاوازیە بنچینەیانەی کە خەڵک هەیەتی لەگەڵ خەڵکی تردا، جگە لەوەش تاکی خەڵکی ئینتیما و خۆشەویستی بە خەڵکەی لەپەش هەموو شتێکی تر دەوێ. بەڵام کورد دەیتوانی خەی لەو پەرتەوازەیە ڕزگاربکات کە بەهەی کەمەگە خەڵکیەوە هەیبووە، ئەمیش لە ڕگەی سوودبینین لە ئاین، چونکە زەربەی کورد وابەستەی ئاینەکێیانن و لە ئایندا هاوبەشن، ئەوا دەتواندرا ئاین بکاتە چەترێک و تاکی کورد لە ژێر ئەم چەتردا کەبکاتەوە و یەکەتیێکی نەتەوەی دروست بکات. واتە ئاین بخاتە خزمەت ناسیۆنالیزمی کوردیەوە. بەڵام کورد نەک هەر نێیتوانی سود لە ئاین ببینێت بە پاراستن و ڕزگاری نەتەوەکەی، بەڵکوو لە ڕگەی ئاینەوە خێیان هەڵواسی بە نەتەوە داگیرکەرکان و خێیان بە بەشێک لە داگیرکەر بینی. داگیرکەرانی کوردستانیش توانیان لە ڕگەی ئاینەوە گەشە بە ناسیونالیزمی خێیان بدەن و کاریگەرێیکی گەورە لە سەر هزری تاکی کوردا دروست بکەن، کە وایان لە تاکی کورد گەیاندبوو موسڵمان و ئیسلام یەک ئەمەتن، نابیت بیر لە نەتەوە و دەوڵەتی تر بکرێتەوە، هەر بۆیەش کاتێک لە نەو کورددا باس لە دەوڵەتێکی سەر بەخە دەکرا، ئەوا بەکوفریان دەزانی و پێیان باشتربوو لە دونیا کێیتردا ئازادبن نەوەک لەم دونیایەدا. ئەم تێگەیشتنەش بە نەبوونی ئاستی هەشیاری نەتەوایەتی لە نەو تاکی کورددا دەگەڕتەوە، کە تاکی کورد بەشێوەیەک کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئاینەکەوە کە خزمەتی بە

ناسیۆنالیزمی داگیرکەر دەکرد و دەبووە هۆی توانەوەی خۆی لە نێو نەتەوەی داگیرکەردا.

ئۆگەر ئاورێک لە مێژووی کورد بدەینەوە، ئەوا دەبینین مێژووەکەی تژیی لەو حوکمڕانیانەی کە بەهۆی کاریگەری ئایینەوە بوونەتە قوربانی و لە ناو چوون، یەکێکیش لەو حوکمڕانیانە حوکمڕانی شێخ عوبەیدوڵای نەهریە، شێخ عوبەیدوڵا خاوەن پێگەیەکی ئاینی و سەرکی تەریقەتی نەقشبەندی بوو، کە لە ساڵی ١٨٨٠ دا لە ناوچەکانی شەمزینان، هەکاری و مەهابادا شەرشی لە دژی دەستڕاتی عوسمانی و قاجاریەکان بەرپا کرد. هەبەتە دوای لە ناو چوونی میرنشینە کوردیەکان بەشایەکی سیاسی گەورە لە کوردستاندا دروست بوو، تەنها شتێک کە ئەم بەشاییە سیاسیە توانیبا پێبکاتەوە، پیاوانی ئاینی بوون، بەحوکمی ئەوەی کە شێخ عوبەیدوڵا پێگەیەکی ئاینی هەبووە و خاوەن موریدو نفوسێکی زۆر بووە، ئەوا توانیی جڵەوی دەستڕات بگرێتە دەست. هەرچەندە شێخ عوبەیدوڵا کەسێکی ئاینیی بوو، بەڵام لە پاڵ ئەوشدا کەسیکی نەتەوەیش بووە، کەششی بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی دەکرد و هەوێدەدا کورد بە جیاواز لە ئەوانیتر بناسێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش شێخ عوبەیدوڵا زۆر بەڵزانانە توانی کار لە سەر هەستیارترین لایەنی ڕوحی تاکی کورد بکات، ئەویش لایەنی ئاینی بوو، چونکە تاکی کورد تاکێک بوو وابەستەی ئاینەکەی بوو، کە ئەویش ئاینی ئیسلام بوو، بەهۆی ئەوشەوە بوو ویستی لە ڕێگەی ئاینەوە بڕەو بە ناسیۆنالیزم بدات. هەروەها هەر لە ڕێگەی ئاینەوە توانی داگیرکەرانی عوسمانی و قاجاریەکان لە نێو کورددا وا وێنا بکات کە لە ئیسلام لایانداوە و خوا نەناسن، وای لێتاکی کورد گەیاند کە چیتر خۆی بۆ برای دینی داگیرکەران نەبینێت و هەستی خۆ بە بێگانە زانین لای چەکەرە بکات.

هەرچەندە شێخ هەوێداوە لە ڕێگەی ئاینەوە بڕەو بە ناسیۆنالیزمی کوردی بدات و ناسیۆنالیزمی کوردی بڕەو پێشەوە ببات، بەڵام لە هەمانکاتدا هەر بەهۆی ئاینەوە ناسنامەی نەتەوەکەی بێتە قوربانی، چونکە شێخ عەبەیدوڵا بە هۆی هاوسۆزی ئاینییەوە وڵای بە خەلیفە و خەلافەتەکەی هەر هەبوو، ئەمەش بە ڕوونی لە قبوڵکردنی داواکاری سوڵتان عەبدول حەمید دەردەکەوێت، کاتێک داوا لە شێخ عوبەیدوڵا دەکات بێتە بەری خەلافەتەکەی(عوسمانی) دژ بە دەستڵاتی ڕوسی بجەنگێت لە ساڵی ١٨٧٧١٨٧٨ دا، ئەویش داواکەی سوڵتانی عوسمانی قبووڵ کردوو لە دژی ڕوسەکان چووە جەنگەوە. قبووڵکردنی ئەم داوایەی سوڵتانی عوسمانی لە لایەن پیاوانی ئاینی بەرز نرخەندرا و

پشتگیری خەشیان بۆ شێخ عوبەیدوڵا دەربڕی کە لەگەڵ وڵاتێکی ناموسڵمان چووتە جەنگەوە. ئەم لایەنگریی شێخ دەرخەری ئەوە بوو کە نەیتوانیوە ئاین لەڕگەی ناسیونالیزمەوە تیەریزە بکات و لە وانگەیەکی نەتەوایەتییەوە سیاسیانە سوود لەو دەخە سیاسیە لاوازییەی دەستەڵاتی عوسمانی وەربگرێت، چونکە بە چوونە جەنگی عوسمانی لە گەڵ وڵاتێکی وەکوو ڕوسیادا، ئەوا لە بەرژەوەندی کورددا دەبوو، چونکە هەر لەسەرەتاشدا جولانەوەکەی شێخ عوبەیدوڵا بە ئەزگار بوون لەژێر دەستی عوسمانی بوو، گەر هاتبا و پشتیوانی عوسمانیشی کردبا، ئەوا دەبا بەشیوەیەک پشتیوانی لێ کردبا کە لە قازانجی میلەتەکەی دابا. بەڵام شێخ لەدێگەی ئاینەوە فریوی خواد و نەیتوانی ئاین بکاتە وەسیلەیەک بۆ ئەزگار بوون لە ژێر دەستی. شێخ عوبەیدوڵا دژی بڕیارێک چووە جەنگەوە(ڕوسیا) کە ئەگەر هاتبا کوردستانشی داگیر کردبا، ئەوە تەنها بۆچاوی داگیرکەرەوە لە کوردستانی دەڕوانی و تەنها ئاماج لێی بۆتاڵان بردنی سامانی کوردستان بوو، کەچی پشتگیری لایەنێکی کرد کە نێک هەر کوردستانی داگیر کردبوو و سامانەکەی بۆ تاڵان دەبرد، بەڵکوو بۆچاوی ئەوە سەیری خاکی کوردستانی دەکرد کە کوردستان بەشەکە لە خاکەکەی. هەڵبەتە ئەو لایەنگریی شێخیش لە بەرئەنجامی کاریگەری ئاین و هاوسەزی بە خەلیفە بوو، کە بەمەش شێخ دەستەلاتەکەیی وەک بەشەک لە سیاسەتی خەلافەتی عوسمانی وەناکرد. لەڕدا دەتوانین بڵێین کە شێخ عوبەیدوڵا نەیتوانی لە ڕگەی ئاینەوە یەکێتییەکی نەتەوەیی لە نەو کورددا دروست بکات و بتوانێت تەریقەتی نەقشبەندی بکات بە هەبازێکی ئاینی تایبەت بە کورد و هەموو کورد بەدەوری ئەم هەبازە ئاینیە کە بکاتەوە، دواتریش هەر لەم ڕگەیەوە کورد هانبدات بە ئەزگاری نیشتیمان، چونکە ئەم تەریقەتە تایبەت بە جوگرافیایەکی بەرتەسکی دیاریکراو نەبوو، کە وەک خەڵک تایبەت بە ناوچەیەک بێت، بەڵکوو سنورەکی جوگرافی بەرفراوانی هەبوو، تەنانەت شوینکەوتوانی لە وڵاتانی تریشیدا هەبوو، هەروەها لایانگرانی ئەم تەریقەتە سەزیکی گەلایەیان بۆ شێخ و تەریقەت هەبوو، ئەوا دەکرا ئەم تەریقەتە ببێت بە بنەمایەکی سەرەکی لە کەردنەوەی کورد بەدەوریدا، دواتریش ئەم هەبازە ئاینییەیان خستبایە خزمەت نەتەوەکەیانەوە. لە ئێستەشدا چەندان پیاوی ئاینی و پارتی ئاینی لە کوردستاندا هەن، بەڵام ئەوەندەی لە خەمی مەزهەبی داگیرکەراندان، ئەوەندە لە خەمی گەڵکەیان دانین، ئەمەش بە ئەوە دەگەڕیتەوە کە کورد نەیتوانیوە ئاین بە کوردی بکات و لە گەڵ تایبەتمەندیەکانی کەمەگەی کوردیدا بیانگونجێنێت، چونکە هیچ ئاینێک نەیتوانیوە بەوشێوەیەی کە هەیە جێبەجێبکرێت، بەڵکوو خەی

گونجاندووە.

هەربۆیە ئەو پارتە ئاینیانەی لە کوردستاندا هەن، درێژە پێدەری ئەو مەزهەب و ئایینە هاوردەیەن کە لەلایەن وڵاتە داگیرکەرەکانەوە بۆ بڕوودان بۆناسیۆنالیزمی خۆیان هاوردەیان کردووە و سەزی کوردیان بۆڵەای خۆیاندا راکێشاوە. بۆ ئەوەی کورد لە ژێردەسی رزگاری بێت، ئەوا پێویستە هەموو بیروڕا جیاوازەکان لە دەوری یەک ئامانج کە بکاتەوە، کە ئەویش ئامانجی ڕزگاری نیشتیمانییە. لە لایەکی تریشەوە پیویستە تاکیک پڕوڕدە بکرێت کە نەتەوەکەی لە پێشەوەی هەموو شتێکەوە بێت و وابیربکاتەوە بۆبە بوونی نەتەوە شتێکانی تر هیچ مانایەکیان نابێت. هەروەها نابێت ڕۆڵی پیاوانی ئاینیش لە بیر بکرێت، چونکە زۆربەی تاکی کورد سەزی گوڕایەلیان بۆ پیاوانی ئاینی هەیە. هەربۆیە پیاوانی ئاینی ڕۆژیکی گرنگیان لە ئاڕاستەکردنی تاک و دروستکردنی خێشوێستی نیشتمان هەیە و پێویستە وا لە تاک بگەینرێت کە ئامانجی ئاین ڕزگارکردنی مرۆڤە لە ژێردەستی، هەربۆیەش رزگارکردنی نیشتیمان ئەرکیکی ئاینییە. لە کۆتایی ئەم نووسینەشدا دەگەین بۆ دەرئەنجامە کە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ئەنجامی شۆرشی پیشەسازی و دروستبوونی چینی بوورژوازی لە ئەوروپادا بووە. دواتریش بۆهەی شۆرشی فەرەنسی ناسیۆنالیزم وەک ئایدۆلۆژیای جیاواز بۆ جیهاندا بڵاوبووتەوە. هەروەها ئاین و ناسیۆنالیزم پێوەندیەکی مۆژوویان هەیە، زۆرێک لە نەتەوە ژێردەستەکان بۆ هەی دارشتنی تیۆریکی ئاینی نەتەوەی بوون بۆ خاوەن دەوڵەتی خۆیان. واتە لە ڕیگەی ئاینەوە پڕۆژەیان بۆناسیۆنالیزمدا، وەک: تورک و فارس. بۆڵەام کورد لەم ڕووەوە نەیتوانی سود لە ئاین وەربگرێت و بیخاتە خزمەت نەتەوەکەیەوە، ئەمیش بۆهەی ئەو تەدامانەی بزوتنەوە کوردیەکان لە نێوان ئاین و نەتەوەدا.

ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم نووسینە سوودیان لێوەرگیراوە:

• سەعید، هیوا عەزیز(٢٠٠٠). ناسیۆنالیزمی کوردی(١٨٨٠١٩٣٩).لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ک).

• سەلام، گەران(٢٠٠٤). کاریگەری خۆ وئاین لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە نێوان ساڵانی ١٨٤٧_ ١٨٨١. چاپی سێیەم، چاپخانەی جەمال عیرفان، هەولێر.

• عەلی،جەحفەر(۲۰۱۳).ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی.چاپی دووەم،چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
• قەرەداخی، عەتا(۲۰۰۷). گوتاری ناسیونالیستی کوردی_ بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج.
• ناسیونالیزم و ئایین،۲۰۲۰. {online}. پێجی چواربـاغ، ۲۰۲۰\۱۲\۱۱، کەناڵی یوتوبی کورد، ۲۰۲۱\۱۱\۳، .https://youtu.be/q48aRyyqSMw
• هاێیدا، فرید، (۲۰۱۷).ناسیۆنالیزم رەبازێکی سیاسی بە بونیات نانی وەات. و:د.ئەنوەرمحەمەد فەرەج، چاپی یەکەم، سلەمانی، چاپخانەی سەردەم
• ئیروانی، موسەج عەبدولقەهار، ۲۰۰۲. ئاین و ناسیونالیزم؛]]] و کاریگەری و پێیوەندی نێوانیان لەدوای راپەرینی ۱۹۹۱ لە هەریمی کوردستاندا. کەلیژی ئاداب _ زانکۆی سەاحەدین.
• ئەمبن، سەمیر(۲۰۱۸).ناسیۆنالیزم. و:هاوار محەمەد، سلەمانی، چاپخانەی حەمەدی.

_____

موحسین عیسا



وقی داختن ئو شاعیر کمونیستی بو غدر تیرار کرا!.. ئامادکردن و وەرگێرانی : عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ)

وقی داختن هەر بو تنها شاعیر نبوو، بەکو شاعیرکی شەشگەر بوو.

ئستا نزیک بو نیو سەدە تەدەپەیت بەسەر تراژیدیای تیرکردنی شاعیری کمونیستی وڵاتی سلڤادۆر وقی داختن؛ کو لو تمەنکی زۆر زوودا (چل ساڵ)، نک هەر جستەی ئو شاعیریان خەتانی خون کرد، بەکوو وحی داهنانی ئدەبیی و شیعریشیان لنو بزووتنوەی کمونیستی سلڤادۆر بو ماویک سو کرد. وقی گرچی کم ژیا، بەڵام گەلو بەرهەمی ئدەبی و سیاسی دوای خی جهشت کو بو خوندنوەیان گەلو سەرنج و تەئامان لای خونەر دروست دەبەت. بەرزی ئیستاتیکای ئدەبی و ەنگدانوەی مارکسیزم لسەر دق و نووسینکانی وقی و گرنگتر لمەش بئقڕیی روحی شەشگەرانو و گیانی گیڤارایی کو لپراکتیکی ژیانی ئم شاعیرو شپەی دەدا، کو گواهیدەری گیانفیدایی ئم شاعیرو کمونیستو بوون، شایانی هەوستو لسەر کردنن. نووسین بو ئم شاعیرو وک هکارکی گوزارشت، منفەسکی گرنگی دەربینی تەوانینی شاعیرو بو ژیان و جیهان و کمەگو.

ئاه..ئی شیعری ئمە
لگەڵ تدا دتوانر
هموو شتک بوتر(١)

شیعر بو وقی ئو بانیژیەیو کو لەوی وک شاعیرکی شەشگەڵ پەیامی خی بەاو دکاتوە. وقی داختن یان وقی ئنتانیو داختن گارسیای شاعیر و نووسەر و ەڕژنامنووسی شەشگەڵ و هەسواوی کمونیستی لو وڵاتی سلڤادۆر لو ١٤ی ئایاری ساڵی ١٩٣٥ لو باوککی ئمریکی خاون زاویوزار و دایککی سلڤادۆریی پرستار لدایکبووە. هرچندو هیچ بوانامەیکی ئکادیمی بدەسی نهناوە، بەڵام لو زانکانی شیلی و سلڤادۆر یاسای خوندووە. وقی ئو کاتی لو وڵاتی شیلی دەبەت، بەهی خوندکارو چپکان و هروها دیکو یڤارای شوکاری مکسیسکی، مارکسیزم دەخوندتوە و ئامانجی

سۆشیالیزم وەک ئامانجی بەرزی ئینسانی خۆی دەبینێت. کاتێکیش دەگەڕێتەوە سلفادۆر دەست بە هەڵسوڕانی سیاسی دەکات و ئینجا پاش کۆمەکیکردن بە دامەزراندنی حزبی ئۆدیبان لە زانکۆ، هاوڕێی دەست دەکات بە شیعر نووسین. دواتر پەیوەست دەبێت بە حیزبی کۆمۆنیستی سلفادۆرەوە. ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦١ دەستگیر دەکرێت. لە ساڵی ١٩٦١ کاتێک لە زیندان دەبێت و سزای ئیعدامی دەبڕێت، خۆشبەختانە زەمین لەرزێیەک هاوە دەدات و دیواری زیندانەکە دەڕووخێت و هاوڕێیش ئەو دەرفەتە دەقۆزنەوە و هەڵدەکات و ئینجا بەهەی هاوڕێ شۆشگێڕەکانییەوە کۆمەک دەکرێت و لە سلفادۆر دوور دەخرێتەوە و ئەویش بەناچاری دەچێتە مەکسیک و لەوێشەوە بڕۆ کوبا دەڕوات کە لەوێ شیعرەکانی بەناو دەکاتەوە و ئینجا لە وەاتەکانی کوبا و مەکسیک و چیکسلۆڤاکیا پڕ بە نووسین دەدات و وەکو نووسەرێکی کرێکاریی دەناسرێت. لە وەاتی کوبا چەندینجار مەشقی سەربازی دەکات و ساڵی ١٩٦٥ کەدەگەڕێتەوە بە سلفادۆر جارێکی تر دەستگیر دەکرێتەوە. ساڵی ١٩٦٩ دەچێتەوە بە کوبا و لەوێشەوە بە پراگ تا وەک پەیامنێری گۆڤاری نیونەتەوەیی (ئارشەکانی ئاشتی و سۆشیالیزم)(٢) کار بکات. لەهەمان ساڵ خاتی (کاسا لە داس ئەمریکاس)ی(٣) پێدەبەخشرێت. دوای جێهێشتنی کوبا لە ساڵی ١٩٧٣، هاوڕێی پەیوەست دەبێت بە (سوپای شۆشگێڕانی خەڵک)(٤) و لەوێدا لەگەڵ فەرماندەی یەکەمی ئەو سوپایە دەکەوێتە ململانێیەکی تووند و سەرئەنجام بڕیاردەرکردنی ئەو شاعیرە کۆمۆنیستە،کۆتایی بەو ململانێیە دێت. (٥)

لە سەرمایەداریدا دڕیە ئۆگەر بەین
ئاگات لە خۆت بێت. تە کۆشی خۆت زۆر دەهێنیت
چونکوو لە سەرمایەداریدا تەنها خاوەن زۆرەکان
بەهای کۆشیان زۆر دەهێنن.

لە بنیادنانی سۆشیالیزمدا
هیچکەس درێ ناکات و دەتوانرێت بوترێ
تە زیاتر لە کۆشی خۆت زۆر دەهێنیت
پێویستە ئاگادر خۆت بیت و
زۆر موڵکی گشتییەو
ئاوەڵگەی بیانیش گرنگن بە خۆی


تەنها لە کۆمۆنیزمدا دەکرێ بوترێت
تە شایانی ئەوەی کە دەیهێنیت
زێر هیچ پێوەندییەکی بە کۆش و بەهای تەوە نییە

لە کۆمەنیزمدا زۆر تەنها لە میانی
بەکارهێنانی کرێکاران و هاووڵاتیانەوە بەهای دەدرێت
بە نموونە لە پزیشکی ددان
لە نەقشسازی
یان جوانکردنی مل و گۆی کچان .(٦)
شۆوازی ژیان و کەسێتی ئەم شاعیرە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا
ڕەنگیان داوەتەوە. ڕوەی سەرباری ئیلتزامی بە کێشکانی
سلقادرەوە، هەروەها بەهای کارە هەمجۆرەکانی کە سنووری
بیروباوەڕی مارکسیستی خۆشی تێپەڕاندبوو، بووە یەکێک لە
کاریگەرترین نووسەری سەردەمەکەی خۆی. بۆیە دوای مەرگی ئەم شاعیرە
لەلایەن حکومەتی سلقادرەوە دانی پیا دەنرێت و تا کار گەیشت بەوەی
زانکۆی سلقادر بەوانامەی دکتۆرای فەخری بەخشی پێی. ساڵی ١٩٧٠
دەبێتە یەکێک لە سیما هەرە ناسراوەکانی بزووتنەوەی چەپی سلقادر.
بەناو ئەم شاعیرە کۆمەنیستە گۆرچی سیاسەت و مارکسیزم سەبارەی
خستبووە سەر تەواوی ژیانی، بەناو لۆگۆ ئەوەشدا دەی پێ لە
خۆشویستی بوو بە ئینسان و ژن.

بە بە دەستکانی تە
دەم دووزمنی سینگمە.(٧)
ەوقی داێتەن لەدوای خۆی پانزە کۆشیعر و ڕۆمانێک و شانۆنامەیەک و
ژمارەیەک کورتەچیرۆک و ڕۆخنەی ئەدەبی و نووسینی سیاسی جەهێشت.
بەشێک لە شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و
فەرەنسی و چیکیی و ڕووسی و ئیتالی. ەوقی دەڕێت (لەسەر شاعیر
پەویستە وەپێش هەموو شاعیرێک لەسەر شاعیری کۆمەنیستی پەویستە
گوزارشت لە هەموو شتێکی ژیان بکات، خەباتی پرۆلیتاریا، جوانی ئەو
کاتیدرایانەی لەلایەن داگیرکەرانی ئیسپانییەوە بەمان جەماوە. چەژی
کاری سەکسی و پێشبینی داهاتووی بەرهەمدار بەهەی نیشانەکانی ئەم
سەردەمانەوە.)(٨)ەوقی داێتەن دەی بە ئازادی لەدەدا، ئەو بەوای
وابوو کە تەکۆشانی مرۆڤ ستەمدیدەکان نێک هەر ڕەوایە، بەڵکوو جەی
پشتیوانی و قوربانیدانیشە. شاعیر خوێنی خۆی وەک خوێنی خەڵکی
شەڕشگێڕ دەبینێت و ئامادەیە ئەو خوێنە لەپێناو ئازادیدا بژێنێت.

لەوبەوایەدام جیهان جوانە
ئەم شیعرەشم وەکوو نان وایە بە هەموو کەس
دەمارەکانیشم لەنێو جەستەم کەتاییان نایە
بەڵکوو لەناو خوێنی هەموو ئەوانە کەتاییان دێت
کە لەپێناو خۆشویستی و ژیان و شتومەک و گوند و

نان و شیعر بۆ هەمووان دەکەن، تەدەکشن.(٩)



ڕوقی شاعیر هەموو ژیانی تەرخان کردبوو لەپێناو مەسەلە جۆهەری و بنەڕەتییەکانی خەبات و سۆشیالیزم. مارکسیزم ئەو باوەڕە بەرزەی شاعیر بوو کەلە سەبەریا هەناسەی ژیانی دەدا. بەهام بەداخەوە فاندنی ئەم شاعیرە مانگێک پێشتر و پاشان تیرۆرکردنی ئەم شاعیرە کەمێنیستە بەو شێوە تراژیدیایە، لەسەر دەستی پەلەک لە گەریلاکانی سوپای شۆڕشگێڕانی خەڵک، کە هەر هاوڕێی خۆی بوون، بەبیانووی ئەوەی کە سەر بە دەزگای هەواڵگری کوبایە و دوایش تەمەتەکیان گەیی بەوەی کە سەر بە دەزگای هەواڵگری ئەمریکایە، پڕۆپاگەندەیەکی ڕەش بەسەر مێژووی سیاسی سلفادۆر و بزووتنەوەی ڕادیکاڵیزمی سلفادۆر لەو قۆناغەدا. ڕوقی لەناو ژووری نووستنەکەی لە گەڕەکی سانتا ئێنیتا لە سلفادۆر تیرۆر کرا، سەرەتا دەستدرێژی لە دەکرێت و بەر ناکەوێت. بەیەکسەر خۆی فڕێ دەداتە سەر تەختە خەوەکەی و ئینجا هاوار دەکات مەمکوژن. بەهام جاقوین ڤیلالۆبۆس و جۆرج مەرێندز دووەم دەستدرێژی لەدەکەن و دەیکوژن. کار و یادەوەرییەکانی ئەم شاعیرە بوونە ئیلهامبەخشی ژمارەیەکی زۆر لە هەسوارەوە چەپەکانی سلفادۆر. لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٣ حکومەتی چەپی سلفادۆر بەیاریدا، چواردەی ئایاری هەموو ساڵێک بکرێتە ڕۆژی شیعری نەتەوەیی وەک ڕێزلێنانێک بۆ لەدایکبوونی ئەو شاعیرە بەغدر تیرۆرکراوە.(١٠)

ئامادەکردن و وەرگێڕانی : عەبدوڵا سەیم**ان (مەشخەڵ)**

_____

سەرچاوە و پەراوێز :

Rouqi Dalton; Poet anf Revolutionary by Claribel Alegria(١)

https://www.jonathancohenweb.com/dalton.html

(٢)ئەم گەڤارە ڕووسییە لە ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام دەرچووە و لایەن حیزبە کرێکارییە و کۆمۆنیستەکانی جیهانەوە پشتیوانی لێدەرا.
(٣)کاسا لە داس ئەمریکاس یان ماڵی هەردوو کیشوەری ئەمریکا، ئەم هێکخراوە لە وڵاتی کوبا ساڵی ١٩٥٩ چوار مانگ دوای سەرکەوتنی شۆشی کوبا، هاتە دامەزراندن. ئامانج لەم هێکخراوە پشتیوانی گۆڕینەوەدان و پتەوکردنی هاوبەشی کۆمەڵایەتی – کلتووری لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و دەریای کاریبی و جیهانە لەبەی بەخشینی خەباتەوە.

(٤)سوپای شۆشگەڕانی خەڵک، هێکخراوەکی چەپی گەریللایی بوو و ساڵی ١٩٧٠ لە سلڤادەر لەئەنجامی یەکگرتنی سێ یەکخراو هاتە دامەزراندن. باوەڕی زاڵی نێو ئەو هێکخراوە سۆشیالیزمی شۆشگێڕانە بوو. بەدیهێها چالاکی سەربازییان ئەنجام داوە و سەرەنجام لەساڵی ١٩٩٢ کۆتایی بە ئەم هێکخراوە دەت.
(٥)بۆ زانیاری و دیتەیەی زیاتر بڕوانە
https://en.wikipedia.org/wiki/Roque_Dalton

(٦)و (٧) و (٨) و (٩)All of Life, Roque Dalton, poet and Revolutionary by Mickey Gallagher sep.3rd, 2013 . For more info please visit
https://www.peoplesworld.org/article/all-of-life-roque-dalton-/poet-and-revolutionary
(١٠)https://www.telesurenglish.net/news/Roque-Dalton-The-Death-of-a-Revolutionary-Poet-20150510-0010.html

---

کۆنگرەی ژینگە و دیموکراتی و بەرکۆك.. زاهیر باهیر

پاش پسکە پسکی دوو ساڵ و لە خشتەبردنی هەندك کەسی دەسەز و پرس و هتا بە هەندك لەسەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حیزبەکی نوێ سەری لە هەڵکە جوقان. لە راستیدا دوکانەکی سیاسەتبازیی بە

ناامکردنی هەرچەند بکرێت لە خەڵکی داما و و بێ هیوای کوردستان، کرایەوە ، دوکانێك گەر چی بەناو نوێیە بەڵام کەلوپەلی کۆنەی پێیە، نەژەنی جەلالییەت و نەوشیوانییەت دەکاتەوە، دیاردەیەت مەشکی گەنجانمان بە فکری کۆنی بەسەر چوو، زاخاوبداتەوە.
خەڵکینە بە ئاگا بن، زمانی شیرین و قسەی بریقەدار و دروشمی هەڵونەقەدار، لەخشتەتان نەبەن، لەبیرتان بێت شکستێکی دیکەتان نەوشیروان ئاسا، بەسەردا نەهێنن، جارێکی تر بە هیوا و بە ئومێدتان نەکەن ، هەمان کەسانی جارانن و تەنها دەم و لەفزیان گۆڕیوە، هەمان ئیدەلەجیە و تەنها ڤەرشنەکیان گۆڕیوە.
بەڵکو کەمێك لە کۆنە جەلالی و کۆنە دەهەڵەدرانی بەناو بزوتنەوەی گەلان، پیاوانی کۆنی بەوفا و بەئەمەکی نەوشیروان، لە دیمەنێکی تردا، لە ژێر هەڵپشکێکی دیکەدا، دیانەوێت بردەوامی بدەنەوە بە پەتا و کارەساتی کوردایەتی ، بە سیاسەتی لیبرال، بە پێناسەی " ئەخلاق" کە دەزانین کە سیاسسی دەسەڵاتخواز هەرگیز ئەخلاقی نەبووە و نییە ، بە مژدەی حکومەتی باش ، کە دەزانین حکومەتی باش هەر نییە.

من لەڕەدا هەر بەرکوێك لەم ئاگیاندنەی ئەم چەند ڕۆژەی پێشویان دەکەم کە لە دروستبوونی حیزبی کۆنگرەی ژینگە و دیمەکراتیی، ئاگەداریان کردینەوە. ئاگیاندنەکیان پەیامێکی گرنگە زەر بە کورتی و بە چڕو پڕی هەر هیچ نەبێت چەند خاڵێکی گرنگیان دەربیوە و ئەوە هەدەفیانە کە بە من مایەی ڕەخنە و لەسەر نوسینە و بە ئەرکی سەرشانی هەموو ئازادیخواز و سۆشیالیست و شیوعییەکی دەزانم کە هەر لە ئێستاوە لە هەوڵی پوچکردنەوەی زیاتری پوچگرایییەکانی ئەم حیزبەدا بین، پێشئەوەی ئەمانیش بەرەو شکستێکی ترمان بەرن وەکو چۆن جەلالیەت و مەلایەت و نەوشیروانییەت کردیان و بەردەوامن لە کردنیا.
من لەڕەدا تەنها چەند خاڵێك لەو ئاگیاندنەیان دەگرم، هەر کاتیش پێیرەو و پەیگرامیان کە کایەکی بەسەرچووە کۆتە بازاڕەوە، ئەو کاتیش بە گوێرەی توانا و وەختم لەسەری دەنوسم .

لەم ئاگیاندنەدا "... کار بە ئەوە دەکات ئەو فەرمە کوشندەو کلاسیکییە تێپەڕنین، کە حیزب بە ئەوەی هەبە دەبێت: عەمیلی وەاتێك بێت، پارەو پڕۆژەی ناشەرعی و بارگای گەورەی هەبێت.."
دروستبوونی هەر حیزبێك لە کوردستاندا لە هەوڵی دەستبەرکردنی دەسەڵاتدا بێت لەناو ئەو هەموو حیزب و بەکخراوانەی دیکە کە هەندێکیان خاوەنی هێزی گەورەی جێکدارن دوای ئەوەش وەاتێکی وەکو

کوردستان کە بەشێکە لە عێراق و عێراق-یش وەکو یاری گوریس گوریسێنە لە لایەکەوە تورکیا ەای دەکەشێت و لە لایەکی دیکەوە ئێران و لەولاشەوە دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمریکا و هی ناوچەکە… ئایا لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەوە قسەی خەڵکانی ئاوەزدارن کە لە ەاگەیاندنەکیانا ئەوەی سەرەوە بڵێین؟ ئایا یەکێتی و پارتی هەتا ئیسلامییەکانیش حەز ناکەن کە سەربەخۆ بن؟ بۆچی بە خۆشی خۆیان و ئارەزووماندییان چونەتە پال ئێران یا تورکیا یاخود دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و بریتانیا و ئەمریکا؟ ئەوەیڵك کە دەوڵەت و دەسەاتتان بوێت ئایا دەکرێت هەر لە دەرەوەی دەسەاتیش چجای لە دەسەاتدارێتیدا سەربەخۆ بن؟ ئایا دەتوانن ڕاگەیاندنی نێك هەر توند و تیژ بەکو مرۆڤ و ژینگە دەستانەش بە بەردەوامی دژ بەو دەوڵەتانە بەاو بکەنەوە؟ ەەنگێ بۆتان بکرێت باڵام ئایا لە وەها کردنێکدا شانسکی هاتنە دەسەاتتان دەبێت؟!!
بەیەزان ئەم قسانە قسەی بەشەن، بە بەڵگەن و قسەی خەڵکانی مایەپوچن، پلانی ئایندە لەسەر قسەی ەووت، نەبوونی شارەزایی لە مێژوو، دەرکنەکردنی واقیعی کوردستان و عێراق و ناوچەکە ، بە ئاگایی لە سیاسەت و دیپلەماسییەتی نودەوڵەتیی-ن. دەکرێت بڵێن ئیوە کەمتر پاشکە دەبن، ئەوە کەمتر پیاوی دەوڵەتانی دەوروبەر و دەزگە سیخوییەکانیان دەبن، ئەمەیان ئامەننا بە هەرحاڵ بەڵام ئا بەو خەستییە و شادی بخەنەسەر جگای باوێ نییە ، مەگەر لای کەسە ساویلکەکان.

"… کارکردنە لە سەر خولقاندنی فەرهەنگکی نوێی سیاسی و کەرامەت و خەناسین و لێبوردەیی؛ کارکردنە لە سەر کاری هەرەوەزی مرۆڤ ئازاو دەسەزکانی ئەم وڵاتە، لە پێناو بنیاتنانی داهاتوماندا"
کردنی ئەم جۆرە قسانە، ناردنە دەرەوەی ئەم جۆرە پێیامانە، کە لە دەرەوەی دەسەاتیت، زۆر ئاسانە. بەڵام کە تە چویتە دەسەات تاکە فەرهەنگێك کە هەیە و ئەوانی دیکە کەلادەخات فەرهەنگی بازاڕی ئازادە ، فەرهەنگی سیاسەت و ئابوریی لیبراڵ و نیو-لیبراڵ . سەراپای پەڕگرامی پەرەوەردە و پەگەیاندن لە قوتابخانە و خوێندنی باڵا و زانکەکانا ئەوەیە، کە تاکی خۆپەرست، خزمەت بە دەوڵەت و بە سیستەمکە دروستدەکات. چ حیزبێك هاتێتە دەسەاتەوە کە کەرامەتی بووبێت؟ ئەخلاقی بووبێت؟ چ خەخەیەکی یا پێناسەیەکی جگە لە دەزگەیکی مشەخۆری سەرکروتکەری دژ بە میللەت هەبێت ؟ چ حکومەتێك ئەمڕۆ لە دونیادا هەیە کە کار لەسەر پرۆژەی هەرەوەزی بکات؟ کەیان هەن لە خزمەتی بازاڕدا نەبن؟ نەبوونە برغویکی دشخوراوی [سلاکبوو] ئەم سیستەمە کە بە بوون و نەبوونی ئەوانەوە سیستەمکە هەر

بردەوام و ئاراستەی خۆی بەرنادات. چ دەستکاتێک هەیە کە مرۆڤدۆستی و مرۆڤ دەستکاری وەاتی خۆیان بناسن؟ دەستی بکەن؟ تاکو ئێوە ئاوابن؟!!! .
لەمانەش زیاتر ئێوە هەر پشوخت قسەکانتان لەسەر پرسی هەرەوەزی هەوەشانەتەوە. ئێوەیەك کە باوەڕتان بە حکومەتی باش و پرسی هەبەژاردن و دامەزراوەی پەڵەمان هەیە و سەربەستکردنی سەرمایەداران هەیە، باشە پیمان ناڵێن ئەمانە لەگەڵ کاری هەرەوەزیدا چی کۆیان دەکاتەوە؟ باشە ئێوە چۆن دەستەبات، سەرمایەداران و تەراتێنکردنیان لە دونیای بازاڕی ئازاددا لە دەروازەی سیاسەتی ئابووری لیبراڵ نیو-لیبراڵەوە لەگەڵ کاری هەرەوەزیانەدا جوتدەکەن؟ لە کوێی دونیادا ئەمە هەبووە [دیارە من باسم لە هەندەك کەس یا خود کەمینەیەك نیە هەشتا هەر هەرەوزیانە دەژین]
"...ئەم مانیفێستە پەیمان دەڵێت: حکومەتێکی باش و بەهێزو دیموکرات و دادپەروەر لە هەناوی پارتێکی سیاسی باش و بەهێز و دیموکرات و دادپەروەرەوە دێتە دەرە، هەروەك پارتێکی لەم جۆرەش لە هەناوی تاك و کەمەڵگەیەکی هوشیارو بەهێزو دیموکراتەوە دێتە دەرە."
ئەمەی کە ئێوە دەیڵێن هەموو حیزبەکانی دونیا هەمان شت دەڵێنەوە و دەڵێن و هەموشیان خۆیان بە دادپەروەر و دیمەکرات دەزانن و ئێوانەی ئێوەشیان دووبات . ئادەی پەیمان بڵێن حیزبێکی دەستاتدار، دیکتاتۆرێکی سەرەك لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا بە خۆی وتوە: من دیکتاتۆرم، پیاوکوژم، سەرکوتکەرم؟ ... هەر هەموویان هەمان دروشم و قسە و ئامانجی ئێوەیان هەبووە، بەڵام ئایا دەستات کە خۆی لەسەر بناخەی زوڵم و زۆر و سەرکوتکردن و کوشتن و بین خۆی ڕاگرتووە، دەتوانێت ببێتە حکومەتێکی باش؟ دەتوانێت ببێتە " باوکی میللەت"؟ سەیرە کە ئێوە خۆتان لە کردنی حیزبایەتی و مەژوی حیزبەکان، با هەر بچین لە کوردستانا، غافڵ دەکەن ، خۆتان بە ئاگا و نەزان دەکەن. دەی ئەگەر ئاوا نیە تاکە حیزبێکی باش کە لە کوردستاندا کە لە شاخ و شاردا بووبێت، پارتێکی سیاسی باش و بەهێز و دیمەکرات و دادپەرروەر بووبێت؟!! . مرۆڤدۆستی، ژینگە دۆستی و ژیاندۆستی، دادپەروەری و دیمەکراتی نەك هەر لەناو حیزبدا نیە بەڵکو خودی حیزب و دامەزراوەی حیزب تەواوی کار و کارنامەیان دژ بەوانەیە کە نوسیوتانە.

ئێوە ڕاستە تاکی باش کەمەڵی باش دەداتە دەست ، بەڵام کەمەڵی باش هەرگیز دەسەڵاتی باش ناداتە دەست ، چونکە سروشتی خودی دەستات باش نیە، ئیتر ئێو دەستاتە بە دەست هەر کەس و لایەن و حیزبێکەوە

بێت. دەستەبات باش و باشترینی نییە بۆکو خراپ و خراپترینیان هەیە. دەستەبات تەك نییە کە لەسەر بناخەی زوڵم و زۆر و مەحرومکردنی زۆرێك لە هاووڵاتیانی، دانەمەزرابێت ، دەستەبات تەك نییە هەر بێنگ و دەنگێکی هەبێت، کاتێك بڕانبەری وەستایتەوە، گیان و نرێت و سروشتی کوشتن و بڕین و داپڵۆسین لە هەناویدا نەبێت.
بەڵێزان، کەرەسەکانی کە دەتانەوێت حکومەتی باشی پیدروستبکەن شتێکی نوێ و جیاوازمان لەوەی کە نەوشیروان موستەفا دەیویست دروستی بکات، نادات دەست . ئەویش ئابووری لیبڕاڵی دەویست، دەستی بازاڕی ئازاد و مونافەسەی شەریفانە بوو ، ئەویش خەڵکانی تەکنەکراتی دەویست لە حوکمات، ئەویش خەڵکی شیاوی بە شوێنی شیاو دەویست . بەڵام خەشتان زۆر باش دەزانن دواتر ئەو لەسەر دانانی مودیر ناحیەیەك کە بە گوێرەی بێت، شتێکی لەتەك پارتی و یەکێتیدا دەکرد . باشە بۆشکی ئەوە لەو قوتابخانەو هاتون و بەو سیاسەتە پەروەردە کراون هەمان شت دەڵێنەوە، ئیتر بۆچی خەتانمان لەدەگەڵن و گوایە شتێکی نوێترمان بۆ دروستدەکەن؟ ئیتر چۆن دەتوانن پەمانبەین کە ئەوەش شکستێکی گەورەتر بەسەر ئەم میللەتە هەژاردا ناهێنن؟
"... داوای سەربەستکردنی سەرمایەداران لە ژێر چەپۆکی گروپەکانی دەستەیشتوی خاوەن بڕژەوەندی تایبەت دەکات، داوای ئابووریێکی بەهێزی خاژنی ژینگە دەست و دادپەروەری هەژار دەست و ئازادی یاسایی دەکات".
دەبێت سوپاسگوزاریان بین بۆ ئەم بۆگەی مانیفەستەکەیان کە ئەو ئاستییەیان لێنشاردوینەتەوە کە ئەوانیش کێنترۆڵ و سزای سەرمایەداران ناکەن و نادەن. واتە خۆنمزژان و دز و جەردەی ئابوریی، لە قاچاخچییەکانی هێنانی کەرەسە و پەداویستییەکان ، کە بۆشکیان بەسەرچوون، لە دروستکرانی قوتابخانە و خەستەخانە و جادەکان و خانو و شوقەکان، لە کردنەوەی کارگە و کارخانە بۆ چەوساندنەوەی کرێکاران و هەژاران و نەبوونی هەل و مەرجی سەلامتییان و زۆری تر ... هەموو ئەم خۆنمژانە لە دەستی حیزب و حکومەت دەردەهێنن و ئازادیان دەکەن، واتە بڕیاندەکەنە گیانی هاووڵاتیانی کوردستان، هەر وەکو دەستەبات و حیزبەکان کردویانە، تاکو بە ئارەزوی خۆیان سەرمایەی خۆیان دروستبکەن بە لێپرسینەوە و سزادانێك، چونکە ئازادیی و سەربەستییان پێدراوە.

ئاخر ئۆگەر ئابووری وڵات ئابووری قاچاخچێتی و زەربەدان بێت لە هاووڵاتیان بە پەیداکردنی زیاتری سەرمایە لە لایەن سەرمایەدارانەوە لە چوارچێوەی بازاڕ-ئازاددا، دەی چۆن دەکرێت کە

ژینگە دەست بەت، مرۆڤدەست بەت، هەژارپەرست بەت؟ کەسێک لەم دونیایەدا، نەک هەر ئەوە بەڵکو دەتوانێت ئەوەمان بۆ ڕونبکاتەوە کە بزنس و ژینگە دەستی، دژ بەیەک نین؟ ئەی نابینن کە ژینگە چۆن وەران بووە لە سای دەوڵەت و سیاسیەکان کە کارئاسانی بۆ بزنس و سەرمایەداران دەکەن بۆ چەکردنەوەی زیاتری بازاڕی ئازاد؟ ئایا وەرانبوونی ژینگە لای ئەوە، حورمەتداران، مرۆڤکردە یاخود خوداکردە؟ ئەوەیەک کە بانگەشەی سەربەستی سەرمایەداران دەکەن، کە یانی بانگەشەی وەرانکردنی ژینگە لە هەر بوارێکدا کە بتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستی کڕینکردنی سەرمایە ، پاوانە بکرێت بۆ سوود و قازانجی سەرمایەداران. بەداخەوەم کە دڵنیم ئەمەش هەر قسە فڕێدانە لە هەوادا و باجی لەسەر خەڵکانی ساویلکە و کەسانی دەستاتخواز لەسەر نییە.

بڕیزان ئەمەی ئەوە ئاڵتەرناتیف بۆ بارودۆخی کوردستان و هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە، نییە. ئاڵتەرناتیفی دروست و واقیعانە دەستبەرداربوونی حیزب و حیزبایەتی و دەسەڵات و دەستاتخوازییە، دەستبەرداربوونی ئادەستبوونی حوکمە ئیدی لە هەر ڕەگایەکەوە بێت ، چوونە دەرەوەی مشەخۆران و بازرگانانی سیاسی و ئابووری و دەستاتدارانی پیاوکوژ و داپلۆسێرە لەم کایەیە، لەم یارییە قزەوەندە خوێناوییە. ئەوەی کە دروستە بکرێت لای خەڵکی خۆی ، خەڵکخستنییەتی لە هەموو شوێنێکی ژیانیا، سەر کاریا، خوێندنیا، نێو خەزان و گەڕەک و شەقام شوێنکانی دیکەیە ، لە گروپ و ڕێکخراوی ئاسیانەدا ، دەستکردنە بە کەبونەوە جەماوەرییەکان و دانی بەیارکان لە لایەن خودی خەڵکەکە خۆیەوە و هەوڵی بەیوەبردنی خۆیانە و دەستبەکاربوونی ژیانی هەرەوزییانەیە.

"... ئەمە نامانەوە بە شێوە کلاسیکییەکە بە باوکردنەوەی بیانێکی کتوپڕ پارتێکی سیاسی رابگەیەنین، چاویشمان لێوە نییە ببینە بەشێک لەم سیستمە حکومەانییە شکستخواردو و داڕزاوە، هێندەی مەبەستمانە پێش هەر شتێک بیرو باوەڕو تێگەیشتنمان رابگەیەنین و بگاتە هاووڵاتیان و خۆیان ڕەیان هەبە لە گفتوگۆو دروستبوون و گەشەو بەردەوامیماندا."

لەم بۆگەیەدا ئەم برادەرانە پسکە پسکی دووساڵیان لۆگۆ ئەم و ئەودا پشتڕاستکرێتەوە ، ئەمەشیان هەر قسەیەکی بە مانایە وەکو ئەوانەی دیکەیان. باشە هەرگیز شتی ئاوا هەبووە کەسێک شەو خەوتبێت و بەیانی زوو حیزبێکی ڕاگەیاندبێت؟ باشە حیزب جەماعییە یا تاکەویانییە ؟ ئەوەندەی بزانین حیزب ڕێکخراوی سیاسیانەی خەڵکە بە جەماعی، هەر لەبەر ئەوەش ناکرێت تە حیزبێک ڕابگەیەنیت بە کردنی پسکە پسک و قسە لۆگۆ کەسانێکدا کە لەگەڵی گفتوگۆ و

ئەزمونەوە نزیکی و دووریان لە ئاو بەچنتەوە، نەبەت. حیزبەك نییە لە دونیادا و نەبووە کە یەکسەر بەیانەکی کتوپڕی لە دژبەینی پارتەکی سیاسیدا، بەاوکردبەتەوە ، تەنها ئەوەی کە جیاوازە ماوەکەیە کە چەندی ویستووە بە ئەوەی کە بە ئاشکرا خەی ئابگەیەنەت.
ئەوەش دژانین کە ئەوە بچی ناتانەوەت لە حوکمانیەکی شکستخواردو و داژاو ببنە بەشەك ، ئەویش ، نەك ئەوەی کە خەتان دەیەن، بەکو لەبەر چەند هەیەکە:

یەکەم: دەسەاتدارانی هەرەم چی تر لەسەرتان ناکەن و پەویستیان بە ئەوە نییە، هەندەکتان کاتی خەی لە ناو بە " حیزبی گەاند" بوون چەند بە پەرەشەوە ویستتان لەگەە یەکەتیدا ەکبکەون بەام ئەوان بەو مەرجانەی ئەوە ازی نەبوون و قەبوەیان نەکردن .
دووەم: ئەوە هەندەکتان کە لە دەسەاتدا بوون ئیتر لە پلەی باا یا خوارتر بەشەکبووون لە گەندەی و خراپەکاریەکانی دەسەاتی هەرەم. ناکرەت نەزانن گەر بە هەمان پەشاکەوە بچنەوە ناو ئەو دەسەاتە ، خەکی نە حسابتان بە دەکات و نە بە دەسزی خەیان و میللەتان دەزانن، لەبەر ئەوە پەویستە جلە پیس و پەخەکانی پەشترتان فە بدەن و جەرەکی نوە بپەشن و بە دەماکەکی تروە بەنەوە ناو خەك.
سەیەم: ئەویەك کە بەشەکتان لە دەسەاتدا بوون بەشەکی کەمی کەکەکەتان پەدەدرا، بەام ئەوەش هەمویتان دەویست. ئەستا ئەوە دەزانن دەستبەسەراگرتنی هەموو کەکەکە لە م ەگا تازیەوەیە، ئەگەر میللەت باوەتان پەبکات و دەستتان لە دەسەات گیربەت ، تا ادەیەك ەنگە ەووبدات.
بەەزان، ئەە قومارەکە و دەیکەن پەشتر دەاندوتانە و ئەستا دەتانەوەت بیبەنەوە، بەام من دەنیاتان دەکەمەوە ئەوە تەوی شکستی خەتانتان هەر لەم سەرەتایەدا، لەهەناو و لەبنهەنگەی خەتانا چاندووە.

Zaherbaher.com
زاهیر باهیر
07/12/2021

سیناریۆیی برستی بۆ تامی تربوون.. نوسینی: ئازگار باهیر

١... ئاژۆ... دشتەکە ...دارەویە.
کەمەك سەگی ئاش وسپی و قاوی و بەکی ماندوو و هیلاکی لاوازی برسی لە وەین و حەپە حەپ و قورسکانەوەدا نیشان دەدرێت.
٢... ئاژۆ ... دوکانەکە ... ناوەویە.
دەستکی زلی دەسکەش ئاش لەدەست ماسیکی هشتا زیندوو دەدات بەکەنکرێتی سەکەی بەردەم دوکانەکەیداو بچۆقۆ تێدەنیشۆ و لەتوپتی دەکات.
٣ ... ئاژۆ ... شۆقامەکە ... دارەویە.
وەنەی هەردوو تایەی ماتەك نیشاندەرۆ لەکاتی لەخوریندا.
٤... ئاژۆ ... دوکانی برژاندنی ماسییە ... ناوەویە.
خاوەنی دوکانەکە سەرقالی ناوسك دەرهەنانی ماسیو نیازی ٥٥ ساڵەش دەتە ناو دوکانەکە.
نیاز:
کاکە گیان سڵاو .. ماسییەکی گەورەم دەوێت
ئەگەر بتوانن لە دوای سەعاتکی تر بۆ دلیڤەری
بەمان بهێنن بۆ سەر ئاوەکەی لای پردەکە.
دوکاندار:
هەی بەسەرچاو ... بەڵام لەو وشکانیە چی دەکەن
ئاو مانا چیە تێیدا نەماوە بۆ نایەن لەرە بیخەن مامەستا.
نیاز:
نا کاکە گیان پارەی دلیڤەریەکە چەندە دەیدەین و لەوە
دەیخەین خەمان حەزمان لێیە... ئەگەر بۆئەرکی نەزانی
ئەو ناوسکی ماسی و زیادانەشم بدەیتە مەمنونم .
نیاز دەست دەکات بەگیرفانیداو دەیەوێت پارە بدات بەڵام کابرا دوکاندار دەیوەستینێ .....
دوکاندار:
پارەی ماسیەکە بدەن بەوەی دەیهەنێت بۆتان ..
چونکە جارێ نازانم چەند کیلۆیە، بەڵام مامەستا
ئەو ناوسک و پیسیە ناخوڕە بچیتە.
نیاز بۆ سەر سوماناوە سەیرکی کابرای دوکاندار دەکات ... هیچ وەڵامی نادا تەوە.....

٥ … ئێوارەیە … دەشتایی و چەمیکی وشکە …. دەرەوەیە.
لەچاوی سەهاوڕێکەی نیازەوە کەهەموویان نزیك تەمانی خۆین
..ئەتەمبێلەکەی نیاز دەردەکەوێت و دێت بەرەو ڕویان تا دەگاتێ
لایان و دادەبەزێ و کیسەیەکی گەورەی پێیە و سەگەکان چوار دەوری
دەگرن و یەکێك لە هاوڕێکانی کیسەی ناوسکی ماسیەکان وەردەگرێ لە
نیاز و هەیدەڕێ بە سەگەکان کە زەر بەپەرەش و بە تامەزرۆیی
دەست دەکەن بەخواردنی .

٦ … ئێوارەیە … دوکانی ماسی فرۆشکەیە … ناوەوەیە.
دەنگی ماتڕێك دێت و دەوستێ پاشان دەکوژێنرێتەوە .. دانەری
تەمەن ١٧ ساڵ دێتە ژورەوە بەڵای خاوەن دوکانی ماسییەکە.
دانەر:
وەستا گیان هەرچەندێك بوو ماتڕێکەم چاککردەوە.
دوکاندار:
ئەم ماتڕێ شڕێی تێ مشتەریەکانی هەموو لێکردم
بە خاتری خوا بڕێ وازم لێبێنە من بەتەکسییەکەی
نەوێ جوجێ دەینێرم بێ نیوقیمەت .. ئەم فڕێ فڕێم
لێ کڕێکەرەوە.
دانەر:
تووگڕێی باوکت و باوکم وەستا فازیل بهڕێ ئیشکەم
… بەوات بێت پارەم قەرزکردووە هەموو شوێنکیان
بە چاککردومەتەوە.. ئەوە دوو هەژە لای فیتەر نفت و
نوێیان کردەتەوە بەم … هیچ خەمت نەبێت.
دوکاندار:
هەتیو نازانم چیت لێبکەم بێتاقەت بووم بەدەستەوە …
بڕێام ئەمجارە ئەخیر جارت بێت من ماتەرم ناوێت
بشکێ … دوای نیو سەعاتی تر ئەو ماسیە بەرێ بێ ئەو
سەرلەشواوانە دیارێ ئەستێ ئەوێندەی ترسەرخۆشبوون
سەریان لێتێکچووە لە خوار پردەکەوێن لەو دەشتیان.

٧ … ئیوارەیەکی تاریکە … دەشتایی وچەمکی وشك … دەرەوەیە.
هەندێك لەسەگەکان سەریان لەو قاپە سەفریانەدایە کەنیازو
هاوڕێکانی ئاویان بێ تێکردون و ئاو دەخنەوە … ئەندام بتڕێ بیرەی
پێیەو دەینێت بەسەریەوە.
ئەندام:
ئەم سەگانە دڕێی ئەستا لێ گڕێوە هاتونەتەوە…

شەماڵ:

ئەم زەمانە پەیوەستی بە دەنگی وەرین و وەفاو
خۆشەویستی ئەمانەیە.

زەنگی تەلەفونەکەی نیاز دەت و وەڵام دەداتەوە .....

نیاز:
بەڵێ ئەوم ... کاکە گیان هەر لەولای پردەکەوە
بەدەستی ئاستا وەرەخوارە ... ماتێت پێیە ..
ئە زەرچاکە...
ڕزگار:
جاکەس هەیە ئەم جگەیە نەزانە... چەمکی بە
ئاووخاکەکی وشکی بە بەرهەم پێیش لە گیانەوەری
برسی...

٨ ... ئەواریە ... سەرەگایەك ... دەرەویە.
ماتێکی کەنی نیمچە شە نیشاندەرە کەدانەر لەیدەخوە ولەبەشی
دواوەی قەفەزەکی سوری لەبەستراوەو خواردنی تەدایە بەخەرایی
دەوات تائەوکاتەی ماتێکە لەپە لە تاسەیکی چاوەوان نەکراو
دەدات و بەرزدەبتەوە و وەردەگەڕە.

٩ ... ئەواریە ... دەشتایی و چەمکی وشکە... دەرەویە.
سەگەکان بەئارامی لەوناوەدا دەن ودەچن و پاەدەکەون. نیاز و
هاوەکانیشی خەریکی خواردنەوەن... لەم کاتەدا زەنگی تەلەفوونەکەی
نیاز لەدەدات.
نیاز:
چەنی کاکە!!!!!ناتوانیت بەیت؟ بە کاکە تە ئەستا
ووتت بەتانی دەنم ... ئەستا بە پەشیمان بوویتەوە.
دەنگی دانەر لەتەلەفونەکەی نیازە دەت .....
دەنگ:
بەکەك نایە ماسیەکە سارد بتەوە وەرن لە دوکان
ماسیەکی ترتان بە دەکەین.
نیاز:
ئەمە ئەماوە لەرە بیخەین ... چەن با ساردبەت
کەشە نیە ...سەیری تە برالە.. بەکەکنایە!!!!!!
باشە کاکە بابزانم ...خواحافیز .
هەموویان سەیری نیاز دەکەن چاوەەن قسەیان بە بکات .....
شەما:
چی بووە بە قسەی گەی ..یەعنی چی سارد بتەوە!

ئەندام:
دیارە شتێك بووە .. ناڵێت بەم نادڵزرێتەوە دڵێت
دڵێت ساردبێتەوە… شوێن لەمە ئاسانتر نیە .
شەماڵ:
ئیتر ئەوە بەوبیانووە.. ساختە چیە..
ڕزگار:
ئە جەماعەت ئەرەش خەریکە بەتەواوی تاریك دەبێت
دڵێن چی بیکەین بەشەو و بچین لای ماسی فرۆشەکە
بیخەین.
نیازو هاوڕێکانی فکرەی ڕۆیشتن بۆ لای ماسی فرۆشەکە بەگونجاو
دەزانن و خەیان کەدەکەنەوە….

١٠ … ئەواریە … سەرەتگای نزیك پردەکە … دەرەوەیە.
دانەر خەریکی چاکردنی ماتەرەکەیەتی کە بەوەرگڕانەکە شکاوە
سەبەتە سورەکەی پاش ماتڕەکەش شکاوەو خواردنەکەی ناویشی لەسەر
زەویەکە کەوتووە … لەگڵ خەریك بوونی بە ماتڕەکەی ، دانەر
فرمێسك بەچاوانیا دێنە خوارە، لەم کاتەدا نیاز و هاوڕێکانی
بەئەتەمبیل دێن و لەنزیك دانەرەوە دەوەستن … دەنگی سەگەکانیش
دێت.هەر لەپەنجەرەی ئەتەمبیلەکەوە یەکەکیان پرسیار لە دانەر
دەکات.

ئەندام:
تۆ بوویت بەماتڕە ماسیەکەت بە ئەهەنایین؟

دانەر بەشەرم و جۆرێك بەدزیەوە چاوە فرمێسکاویەکانی دەسڕێ و بە
سەر جۆگەی بەڕێ وەڕام دەداتەوە.
نیازو هاوڕێکانی دادەزن دەبینن ماتڕەکەی شکاوەو خواردنەکەی بە
ئەمانیشی هەنابوو لەولاوە لەسەر
زەویەکە کەوتووە، هەموویان زۆر بەسۆزەوە سەیری دەکەن.

دانەر:
ببوورن ئاوام لەهات بەیە نەمتوانی خواردنەکەتان
بگەیەنمە بەڕام دەتوانن بچنەوە دوکان و لەوە لە
خزمەتانادەبم.
نیاز:
بای چەند بوو ماسیەکە و دلیقەریکەت؟
دانەر:
هیچ ناکات ئەوە هیچتان نەخواردووە.

شەماڵ:
چەن دەبەت تە زرر بکەیت.. ئەگەر نایەیت دەچین
لەدوکانەکە پارەکەی دەدەین.
دانەر:
نا ..نا .. بای بیست هەزارە … بەس ئاخر چەن دەبەت
پارەبدەن.

جەماعەت پارە دەردەهێنن بەی کەدەکەنەوە وبزەر دەیدەنە ……
شەماڵ:
فەرموو ئەوە بیست پێنج هەزاربە ماسییەکە ئەوەش
سی هەزار بە چاکردنەوەی ماتۆرەکەت.
دانەر:
نابەت بەخوا چەن شتی وادەبەت ……..
جەماعەت بزەر دەیکەن بە گیرفانیاو باوەشی پێدادەکەن و دەی
دەدەنەوە … سەگەکان کەبەدوای ئەتەمبیلەکەدا هاتبوون خەریکی
خواردنی ماسی و خواردنەکەن کە دانەر بەدلیقەری هێنابووی کە لەسەر
زەوی کەوتووە.
نیاز:
وەرە کۆم بابتبینەوە بە دوکان چی دەکەی لێم
چەواڵەیە بەم شەوە.
دانەر:
نابەت چەن ئەوە عەزەت دەدەم ..دوای ئەوەش دەبەت
ماتۆرەکەم بەرمەوە.
شەماڵ:
بێ باوکم عەزەت نیە … ماتۆرەکەشت بەیانی
بەپیکاپێك بەرەوە.
دانەر:
ناتوانم بەم وەستاکەم ئاوا بمبینە دەرم دەکات.
ئەندام:
ئەویان کەشە نابەت نزیک دوکانەکە داتدەگرین.
دانەر:
ئاخر تەلەفوونم بە هاوڕێیەکم کردووە ئەویش ماتۆری
هەیە و شتی چاکردنیش لەگەڵ خەی دەنەت ئەستا بێوێیە
بەرەو ئێرە دێت. توخوا بمبورن ئەوەم بەبرستی هەشتەوە.
نیاز:
کۆکەم ئەمە تەر بووین هەر نان ناخەین و ناشچین
بە دوکانەکەشتان بەوات بەت… دەی مادام وایە ئەمە

دەبین.
هەموویان خواحافیزی لەدەکەن سواری ئوتومبیلەکە دەبن دەبن.....

١١ ... شەو ... شەقامەکی دەروەی شار... دەروەیە.
دەسکی بەنزین زیادکردنی ماتۆرسکلێت نیشان دەدرێ لەکاتی لەخوریندا، لەسەرشەقامەکی دەروەی شار کە بەخرایی دەڕوات.
١٢ ... شەو ... شەقامەکی دەروەی شار... دەروەیە.
